**بە نــاوی خــوای بەخشــندەو میهرەبــان**
**بە نــاوی گەلـــەوە**
**ئە نجـومەنی نیشتمانیی کوردســـتانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنــان : ٢٠**
**رۆژی دەرهێنــان : ٢٠٠٣/٦/٢٤**

پشت بە حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانی لە دانیشتنی ژمارە (٢٩)ی رۆژی (٢٠٠٣/٦/٢٣)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسـای ژمـارە( ٢٠ )ی سـاڵی/٢٠٠٣
## یاسـای فرۆکـەخانـەی مـەدەنیی هـەولێـر

**ماددەی یەکـەم:**

لە هەولێر فرۆکەخانەیەکی مەدەنیی دادەمەزرێ بەناوی فرۆکەخانەی مەدەنیی هەولێر.

**ماددەی دووەم:**

لەسەر وێنەکێشراوێکی تایبەت کە بەپێی حوکمەکانی یاسا بەرکارخراوەکان بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە، هەموو ئەو زەوی و زارانەی دەکەونە ناو زەمینەی فرۆکەخانەکە، بە (محرماتەکانیشیەوە) دەبنە موڵکی فرۆکەخانەی مەدەنیی هەولێر.

**ماددەی سێیەم:**

**یەکـەم:** دەستەیەکی تایبەتکار، لە کەرتی تایبەت (القطاع الخاص)، بۆ بەرێوبردنی فرۆکەخانەی مەدەنیی هەولێر، لە شەش کەس پێك دەهێنرێت، بە مەرجێ پێکهاتەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی تێدا رەچاوبکرێت، ئەوانە لەلایەن سەرەك وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە دادەنرێن و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی– عیراقیش موصادەقەی لەسەر دەکات.

**دووەم:** ئەندامێك لە ئەندامەکانی دەستنیشان دەکرێت و بۆ ماوەی (١٠) ساڵ دەکرێت بە سەرۆکی دەستەکەو، مووچەکەشی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە دیاردەکرێت. ئەو سەرۆکە دانیشتنەکانی دەستەکە بەرێوەدەبات و ئەجندەی کۆبوونەوەکانی ئامادەو پەخش دەکات و راپۆرتگەلی رێکوپێکیش دەربارەی ئیش وکارەکانی دەستەکەش هەواڵەی ئەنجومەن دەکات و، بەناوی خۆشییەوە هەموو موخابەراتێك دەنووسرێ. بریارەکانی دەستەکە بە زۆرینەی دەنگ دەدرێت و ئەگەر هات و دەنگەکانیش یەکسان بوون ئەوە لەو بارەدا بۆ ئەو لایەیانە کە سەرۆك دەنگی بۆ دەدات، بە مەرجێکیش دەستەکە هەر هیچ نەبێ وەرزی جارێك کۆبوونەوەیەك ساز بدات.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**سێیەم:** ماوەی ئەندامێتیی باقیمەنی ئەندامانی دەستەکە پێنج ساڵی دوابەدوای یەکە، واتا یەکێکیان یەك ساڵەو دووەمیان دوو ساڵەو، سێیەمیان سێ ساڵەو، چوارەمیان چوار ساڵەو، پێنجەمیان پێنج ساڵ، مووچەکانیشیان چونیەکەو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دیاری دەکات.

**چوارەم:** دەستەکە شەخصییەتی مەعنەویی خۆی هەیەو دەسەڵاتی بەکرێدان و رەهن و قەرزدانی هەیەو، پێویستە لەسەری فڕۆکەخانەکە بەڕێوەببات و چاکتری بکات و، ئەندامەکانیش بەپرسێتیی یاسایی شەخصییان دەربارەی زەرەرو زیانێ کە لە مومتەلەکاتی فڕۆکەخانەکەوە رووبدات لەسەر نییەو، دەستەکە لە رووی یاساییەوە بەرپرس نابێ لە ئیددیعای سەنەدی موڵکییەتی پێشتری ئەو زەوی زانەی کە دام و دەزگاکانی فڕۆکەخانەکەی دەکەوێتە ناو.

**پێنجەم:** دەستە بوجەی ساڵانەی خۆی پێشکەش دەکات بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق تا بۆی تەسدیق بکات، کە بریتییە لە مووچەکان و چاککردنی سەرمایەو پلانەکانی قەرزو دووبارە دەفعکردنەوەی قەرزەکان و رەسمەگەلی صیانەو داهاتی کرێ و پلانەکانی باج.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێریی هەرێم ئەمانەی خوارەوە بکات:

١–دەبێ کێشەی تایبەت بەو زەوی و زارانەی کراون بە موڵکی فڕۆکەخانەکەو داواکاریی قەرەبوکردنەوەو شتی دیکەیان لەسەرە هەر هەمووی تەسویە بکات وبیدات بە دەستەکەو هیچ خەوشێکی تێدا نەهێڵێت، ئەو زەوی و زارانەی بۆ فڕۆکەخانەکە بەکاردێت بۆ ماوەی (٥٠٠) پێنج سەد ساڵ.

٢–دەبێ (محرمات) ی فڕۆکەخانەکە تەئمین بکات و، ناوچەیەکی دابڕیش بە تیرەی دوو کیلۆمەتر، بە دەوری زەویی فڕۆکەخانەکەدا تەرتیب بکات و هەر بیناو بەکارهێنانێکی ئەو زەوییانەش پێویستە لەگەڵ کاروباری فڕۆکەخانەکەدا بگونجێت.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لەسەر وەزارەتی ناوخۆی هەرێم هێزی ئاسایش بۆ فڕۆکەخانە دابین بکات. مووچەکانیان لە بوجەی ساڵانەی چالاکییەکانی فڕۆکەخانەکەوە دەدرێت، پێویستیشە لەسەری ئەرکی پشکنینی گومرگی و ئەمنی بۆ فڕۆکەخانەکە دابین بکات بەبێ ئەوەی فڕۆکەخانەکە هیچ خەرجێکی ماددی لەو رووەوە لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

**ماددەی شەشەم:**

وەزارەتی گواستنەوەوگەیاندن، جێگا بۆ ئەو نووسینگانە دابین دەکات کە دەستەکە بۆ پیادەکردنی ئەرك وفرمانی خۆی پێویستی پێی هەیە.

دەبێ ئەندامانی دەستەکەو کارمەندەکانیشی بۆ مەبەستی حسابات و خشتەگەلی مووچەکان رەچاوبگرێ. دەستە خۆی بەرپرسە لە ئیستیئجارو تەرقیەو سزادان و مووچەدان بەکارمەندەکانی. وەزارەتی گواستنەوەوگەیاندن، ساڵانە تۆمارەکانی دەستەکە تەدقیق دەکات و ئەنجامەکانیشی پێشکەش دەکات بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی حەوتەم:**

دەستەكە، فرۆكەخانەكە وەك چاوگەیەكی داهات بۆ هەرێمی كوردستان دەخاتەگەڕ ڕێگاش بە بەكارخستنی مونشەئات دەدرێت بەبێ جیاوازیی تەمەن و جنس و ڕەگەزو ئاین و ئینتیمای سیاسییان.

لەبەر تیشكی ئەو كارە گران و ئالۆزەی بیناكردن و بەگەڕخستنی فرۆكەخانە سەرەكییەكە، دەستە ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

١-دیاركردنی سەعاتی كارو بنەماكانی ئاسایشی فرۆكەخانەكە بۆ ئەوەی بەرزترین داهات بدات و كەمترین پێكداداان لەگەڵ خەڵكیدا لە نزیك فرۆكەخانەكەوە رووبدات. ئەم تەنسیقە لەگەڵ لایەنەكانی تایبەتكارو بازرگانیدا دەكرێ بۆ ئەوەی بەكارهێنانی جێگاو كاتی نیشتنەوەو جێگاوكاتی هەڵفرین ڕێك وپێك بێت و، دەرهێنانی نیشانە (شارات) بۆ كارمەندانی فرۆكەخانەكەش لەخۆدەگرێ و كەسانی تاوانكارو تیرۆركاریش دوور دەخاتەوە.

٢-ڕێگادان بە فرۆتنی و ئەو خۆراكانەی لەلایەن نەفەرەكانی فرۆكەكەو لایەنی تایبەتكاری بازرگانییەوە بەكار دەبرێن. لیستی ئەو خۆراك و كەل وپەلەش كە بەكار دەبرێن تەنها هەر خۆراك، سووتەمەنی، (فسحة الحظیرة)، بەشی وێستگەی كارەبا، ئاو، ئاوی ئاوەڕۆ، (موقف) نییە.

٣-دروستكردن و تێكدان و تەحویلی مەدرەجەكان و وێستگەكان و (فسحةي موقف) و جێگای ئوتومبیلی كرێ و (حظیرە كان) و شوققە ئامادەكراوەكان (دەرەجەكان)ی و مونشەئاتەكانی دیكەی فرۆكەخانەكە، ئەوانە هەمووی بەپێی ڕاوبۆچوونی دەستەكە، چۆنی بە پێویست بزانێت بۆ بەرەو چاكتر گۆڕینی كۆمەڵگەی فرۆكەخانەكە دەیكات. دەستەكە لەگەڵ بەرپرسانی گومرگ و ئاسایشیش هاوكاری دەكات بۆ مسۆگەركردنی وەگەڕخستنی فرۆكەخانەكە بەشێوەیەكی یاسایی و دڵنیایی ئاسایشەوە.

**ماددەی هەشتەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەركار.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوەندیدارەكانیش حوكمەكانی ئەم یاسایە بخەنە بەركار.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەركارو لە (وەقایعی كوردستان) دا بڵاودەكرێتەوە.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com